دایکی ئەدهم بارزانی کەچی دوایی کرد و پارتی ڕێگری لێ ئەدهم بارزانی دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناشتنی دایکی



لەڕووکردنەوەیەکدا ئەدهەم بارزانی ڕایگەیاندووە، "ئاگادارن دایکم چوو بۆ ڕەحمەتی خوای گەورە، ئەمە بوو بە سێ ساڵ کەسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان منی ئاوارەو دەربەرکردوە لەسەر سێ بڕیارنامەی سیاسیی کە ڕێئی جیاواز قبوڵنەکرا، پێم نەکرا لەم ماوەیەدا ئەم دایکە ئازیزە بە یەکجاریش بێت ببینمەو چەند ڕۆژێک پێش ئێستا کە قسەم لەگەڵ کرد وتی دڵنیام کە جارێکی تر ناتبینمەو".

ئەوەشی ئاشکراکردووە، خوا خێری بێت بۆ کاک بافڵ مام جەلال تاڵەبانی بنوسێت لەڕێگەی ئاوێوە پەیوەندیی کرا بە هێشیار زێباری خاڵی مەسعود بارزانیو و سیدادی برای کە ڕێگەبدەن ئەمە ئەمشو تەرتیبات دەکەین ئەدهەم بارزانی بێتە ماڵی خۆی لەمسیفەو و بە دواجار لەناو کفندا ئومێتی دایکی ببینێتەو و هەر بەیانی یان پاش یەک ڕۆژ پرسەو دەگێڕنەوە سڵەمانی، دایکێک کە هاوسەر و دوو لە کوڕکانی بەدەستی بەعسیەکان شەهیدبوون کە ئەمڕۆ ئاوان لە پایتەختی کوردستان بۆئازادی دەگەڕێن.

سەبارەت بەوەڕامی پارتی بۆ دەستپێشخەریەکەی تاڵەبانی، ئەدهەم بارزانی نوسیویەتی، وەڵامەکەی بەو شێوەیەی بووە، وتویانەی مانع نییە بێتەوە، بەڵام نابێت پاسەوانەکانی لەگەڵی بێنەوە، لەکاتێکدا پاسەوانەکانم لەلایەن بافڵ تاڵەبانیەوە بۆم دابینکراوە،

چونکەی پێشتر لەسەر هێرشەکانی سەرکی پارتی، تەواوی پاسوانەکانم دەرکران، بەهەرحاڵ جەختیشیانکردوەتەوەی نابێت کاتێک دەگەڕێمەوەی پرسەکەی دایکم هیچ کەسێکم لەگەڵ بێتێ و تەنها خۆم بێم، ئەمەش لەکاتێکدایەی کێ هیچ باوەڕییەک نەماوەو فەرمانی دەستگیرکردنی منیان دەرکردوێ بەمادەی 21ـی یاسای تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.